www.kurdistannet.org
13-6-2003 1:10

# گەلاڵەپێشنیاری تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان TAJK بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکرات:

ئەو باردۆخە نوێیەی لەگەڵ ڕوخاندنی ڕژێمی دکتاتۆری عێراق هاتۆتە پێش، بۆ ژنانی کورد عەرەب، ئاسوری و تورکمان و تەواوی گەلانی عێراق و سەرتاسەری رۆژهەلاتی ناوین گرنگیەکی مەزن و تایبەتی هەیە، لەکاتێکدا لەگەڵ خۆیدا دەستەلات و سیاسەتی دیموکراتیانە بۆ عێراق دەکاتە بابەتی باس، سەرەتایەکیشە بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی سیستەمی کۆمەلأیەتی و بەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانی ژنان، تەڤگەرەکەمان تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان بەو پەڕی بەرپرسیارێتیەوە لەم بارودۆخە دەڕوانێ و نزیك دەبێتەوە، هەروەها ئەم باردۆخە بە دەرفەتێکی مەزن بۆ برەودان بە تێکۆشانی ئازادی ژنان و گەیشتنی هەموو نەتەوە، کەمەنەتەوە، چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، بە مافە ئازادیەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێت، بەهەمان شێوە کاتی ئەوە هاتووە، کە عێراقیەکان خۆبەخۆ وەلأمی پرسیاری عێراق و ژیانێکی ئایندەی چۆن بدەنەوە؟ کاریگەریەکانی و پێگەی شەڕخوازی ڕژێمی فاشیشتی عێراق لەسەر رێکخستنی کۆمەڵگا بسڕێتەوە و لەنێو ئاشتیەکی کۆمەلأیەتی و چارەسەریەکی دیموکراتیدا، سەرلەنوێ بنیادبنێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بگەنە رێکخستنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئازاد و دیموکرات،، هاوکات ڕوخانی ڕژێمی سەدام گەورەترین زەبری لە چەمکی دەستەلأت و دەوڵەت و میتۆدەکانی داوە، کە سیستەمی بالأدەستی پیاو بە درێژایی تەمەنی 5 هەزار ساڵ لەسەر ئەو بنەمایە رژێم زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوەی بەسەر تەواوی کۆمەڵگا و ژیاندا سەپاندبوو، بەواتایەکی تر کۆتایی هێنان بوو بە بەها کۆنەکان و زهنیەتی بەسەر چوو و دەست پێکردنی سەردەمی ئازاد بوونی گەلان، بواری بۆخەباتی ئازاد و دیموکراتیانەی چین و توێژەکان، بۆ ژنانیش خاڵێکی وەرچەخانە لەسەدەی بیست و یەکەم لە بواری پێشکەوتنی ئازادی ژناندا و هەلێکی زێرینی مێژووییە کە یەکەم جار دوای مێژوویەکی 5 هەزار ساڵەی سەردەستی لەم ئاستەدا، لەعێراق هاتۆتە پێش، تاوەکو ژیان، سیستەم و کۆمەڵگا و ژیانی عێراقی ئایندە بە کاریکتەری ئاشتیخواز و دیموکراتیخوازی مرۆڤدۆست، هاوبەشی خۆیان، یەکسان و ئازاد و دیموکراتیانە ڕەنگرێژ بکرێت،

لە قۆناغێکی وا گرنگدا، ئەوەی وەك ئەرك وپێداویستی لە ژنانی کورد، عەرەب، تورکمان و ئاسوری دەخوازرێت ئەوەیە کە گرنگی ئەو دۆخەی هاتۆتە پێشەوە ببینن و لەپێناو دەست نیشانکردنی چارەنوسی خۆیان و کۆمەڵگادا بکەونە نێو هەوڵدان و جموجوڵەوە، بۆیە تەڤگەرەکەمان تاژاك، لەچوارچێوەی بەدیکردنی رۆڵی پێشەنگایەتی ژنان لەسەر لەنوێ بنیادناوەی سیستەم و کۆمەڵگادا گەلاڵەپێشنیاری کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتدا پێشکەش بە رای گشتی و رێکخراوەی سیاسی و کۆمەلأیەتیەکان ژنانی تەواوی عێراق و باشوری کوردستان دەکات،

وەك ئەرکی سەرشانی شێوە پرۆژەیەك دەخاتە ڕوو کە چارەسەری ڕیشەیی کێشەکانی ژنان و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی تۆکمە و درێژخایەن لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، ئەمەش وەك پرۆژەی بەرەو کۆمەڵگایەکی نوێ لێکی دەدەینەوە، کە رێگە بۆ گفتوگۆ و دیالۆگی هاوبەش بکاتەوە و لەدەوری یەککۆبونەوە و دەست بەکاربوونی ژنان لە چوارچێوەی پەیمانی کۆمەلأیەتی نوێدا، گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەنجامگیر دەکات، بەمەش بەرژوەندیە دیموکراتیەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر دەبێت، ئەم گەلاڵەپێشنیارە پێ داگری لەسەر ئەوە دەکات کە، گەوهەری پرەنسیپی دیموکراتیزەبون لە عێراق بە ئازادی گەلان، چین و توێژ و ڕەگەزکانی ناوەرۆکدار دەکرێت،

هەنگاوەکانی گۆڕانکاری پێویستی بە هەنگاوە لە چوارچێوەی چەمکی نوێدا، واتە دیموکراتیزەکردنی ئیدارە، سیاسەت بە دیموکراتیزە کردنی تاك، کۆمەڵگا و خێزانەوە دەست پێدەکات، بۆچون و چەمکی ئازادی و یەکسانی تاك و کۆمەڵ، حقوق، زانست، تەکنیك، ئابوری، فەرهەنگ، هونەر بیروباوەڕیەکان، ئاکار و ڕەنگدانەوەی بەرجەستەی لەسەر دەستەلأت هەبێت، هەموو ئەمانە لە سایەی ئاشتیەکی کۆمەلأیەتیدا، وەك سیستەمێکی نوێی کۆمەڵگا لەنێو هاوئاهەنگیدا ڕێك بخرێت بە هەمان شێوە گەلاڵەپێشنیارەکە، پوختە و گەوهەری ئەو پرۆژەی دەستوریە کە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان پەچەدەکە پێشنیاری کردووە و، بەفراوانی پراکتیزەکردنی لەخۆدەگرێت، هەروەها ئامانجە دوور و نزیکەکانی ڕەگەزی ژنان لە دیموکراتیزە کردن و بونیادنانەوەی سیستەم و بەجێ بوونی ڕەنگدانەوەیان، لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵگا ئاشکرادەکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەتایبەتی

جەخت لەسەر بەلاوەنانی زهنیەت و پێگەی كۆنی كۆمەڵگا دەكات، لەپێناوی بنیادنانی كۆمەڵگایەكی دیموكراتی و ئافراندنی بەها و ڕێسای دەزگای كۆمەڵایەتی نوێدا، بە گرنگیەوە ئاماژە بە پێویستی ئەنجامدانی شۆڕشی ڕۆشنگەری و هزری دەكات، بۆ ئەمەش تەژاك رۆڵی ژنان وەك چارەنوسساز و سەرەكی دەبینێت، چونكە هەڵوەشانی پێگە و زهنیەتی كۆنەپەرست بە كەوتنە جوڵەی وزەی شاراوەی ژنان و، سەركەوتنی كۆمەڵگا لە ڕوخاندنی كۆن و ئاواكردنی دیموكراسی دەبێت، لەم بارەیەوە پێشەنگایەتی و بەشداری ئیرادەییانەی ژنان لەو شۆڕشە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنگەریە لە باشور و عێراقدا بەرپادەكات، كە راستەوخۆ پرەنسیپی، دیموكراسیەت پشت راست دەكاتەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەمكە دەتوانرێت، ئازادی ماف، پەیوەندی، عەشق و خۆشەویشتی و هەموو زاراوە سەرەكیەكان و كۆمەڵایەتیەكان پێناسە بكرێتەوە، سەرجەمیان لە دەوری كۆمەڵگایەكی ئازاد و دیموكراتیدا رێكبخرێتەوە، ئەمەش وەك پەیمانی كۆمەلایەتی نوێ لەنێوان هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگا و ژن رێكدەخرێتەوە، بەلەبەر چاو گرتنی ئەم ڕاستیانە، تەڤگەرەكەمان لەگەلاڵەپێشنیارەكەیدا، بە عەقڵیەتێكی ئازایخواز، ئاشتیخواز دوورەپەرێز لە هەموو جیاوازی ڕەگەزی، چینایەتی، نەتەوەیی، پرۆژەی بۆ مۆدێلێكی نوێ كۆمەڵگا دەخاتە ڕوو، لە سەر بنەمای مانیفێستۆی شارستانی دیموكراتی پێكەوە ژیان و یەكسانی و ئازاد هەمو كەس و گروپ، ئەتنیك و چین و توێژەكانی كۆمەڵگا، لەنێو ئاشتیەكی كۆمەڵایەتیدا بە بنچینە وەردەگرێت، بۆ ئەمەش هێز و باوەڕی خوڵقكردنی مرۆڤایەتی و یەكەمین ژیانی بە كۆمەڵ، بەدەستی دایكانی نیۆلۆتیك، لەسەر خاكی میزۆپۆتامیا وەردەگرین و بەیەكانگیر كردنەوەی بەها مەعنەوەیەكانی ئەو مێژووی مرۆڤایەتیەی لەگەڵ هەنگاوە هاوچەرخەكان و پێشكەوتنی زانست و تەكنیكی ئەمرۆوە، بە بناغەی بنیادنانەوەی كۆمەڵگایەكی نوێ دادەنێت، بەتایبەتی دووبارە یەكگرتنەوەی ژنانی میزپۆتامیای ژێرین و ژوورین بۆپێشخستنی كەلتوری ئاشتیخوازی ودیموكراتی و دایكانی نیۆلۆتیك لە ئەمرۆدا، سەرخستنی ژیانێكی ئازادە لە عێراقدا، هەروەها بۆ ناسنامە و ئیرادەی خۆی جێگرتنیان لە سیستەمی نوێدا، كۆڵەكەی سەرەكی ئاشتی كۆمەڵایەتیە بۆیە تەڤگەرەكەمان پێداویستی ژنان و كۆمەڵگا بۆ دووبارە زیندووكردنەوەی بەها، كەلتور و قۆناغی نیۆلۆتیك بەخاڵی هەرە پرشنگداری ئەمرۆ دادەنێت، كە عێراق لەهەموو ڕوویەكەوە بكاتە مۆدێلێكی نمونەیی بۆ كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر ئەو بنەمایە، ئەم گەلاڵەپێشنیارە، كە بریتیە لە بنەما سەرەكیەكانی مۆدێلی كۆمەڵگا و ژیانی ئایندەی گەلانی عێراق و پرەنسیپی ئاشتی و دیموكراسی و ئازادی لەنێوان هەموو كەس، گروپی، ئەتنیك و چین و توێژ و ڕەگەزەكاندا كە پرەنسیپی سەقامگیربوونی كۆمەڵگایەكی ئازاد و دیموكرات و لەقەڵەم دەدات، ئێمە وەك تەژاك لەو باوەڕەداین ئەم گەلاڵەپێنشیارە بۆ مۆدێلی كۆمەڵگایەك ئایندەی عێراق مەودایەكی نوێیە، لە گفتوگۆ و دیالۆگ نێوانی هەموو چین وتوێژەكانی كۆمەڵگا لەسەروو هەمووشیانەوە ژنان بكاتەوە، هەروەها لەو باوەڕەداین، كە ببێتە چوارچێوەی بۆ دیالۆگ لەنێوان ژنانی هەموو نەتەوە، كەمەنەتەوە، گروپ و ئەتنیكەكانی دیكە لەسەر داڕشتنی پرۆژەیەك كە ژنان بە ئامادەگیەوە، بهێنێتە نێو گۆڕەپانی پێشكەوتنەكان و لەپێناو ئاشتیەكی كۆمەڵایەتی و ژیانێكی سەرفراز و ئازاد دا،، هانیان بدات بۆ رێكخستن و یەكگرتنیان لەنێوان خۆیان و لەگەڵ دەستە و چین و توێژەكانی دیكەی كۆمەڵگا،

<u>بنەماكانی كۆمەڵگایەكی ئازاد لە عێراق و باشووری كوردستان:</u>

لە ڕێگای بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان تاك و كۆمەڵگادا ئازادی و یەكسانی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی مەیسەر دەبێت هەردوو دەستەواژەی تاك و كۆمەڵگا لە عێراق و باشووردا بەتەواوەتی لەگەوهەر و ناسنامەی خۆی كراون و ئیرادەیان زەوت كراوە بۆئەمەش پێویستە:

1- كۆمەڵگایەكی زیندوو بخوڵقێنێرێت كەكار و بیری ئازادی تاك سنووردا نەكات و زەمینەی خولقكاری مرۆڤ برەخسێنێ هەروەها ماڤ یەكسانی و ئازادی سەرجەم ناسنامەی سەرجەم ناسنامەی كۆمەڵایەتیەكان بەرەوا ببینێت و بیانپارێزێ،

2- دەبێت تاكیش لەبەرامبەر پێویستیەكانی ئازادی كۆمەڵگا هەست بەبەرپرسیارێتی بكات و بەئەندازەی رێزگرتن لەئازادی خۆی رێز لە ئازادی ژیانی ئەوانی تر بگرێت،

3- لەعێراق و باشووری كوردستاندا كۆمەڵگایەك شێوەی گرتووە كە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی باڵادەستان پێك هاتووە و ژن ڕەت دەكاتەوە، ماڤەكانی پێشێل دەكرێت هاوئاهەنگی پێویست لەكۆمەڵگادا بەدی نەهاتوە بۆیە دەبێت پشت ئەستوور بە وشیاری

کۆمەڵایەتی و مێژوویی ڕاستینەی ڕەگەزیانە کە کەسایەتیەك لەژندا، بەرجەستە بکرێت کەخاوەنی ئیرادە و بڕیاری ئازاد و سەربەخۆ بێت و زەمینە بۆ بنیادنانی تاکی ئازاد و کۆمەڵگای دیموکراتی خۆش بکات،

4- خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگایە ئەگەر گۆڕانکاری تێدا ئەنجام نەدرێت ئەوا گۆڕانگاریەکی دیکە بێ هودەیە بۆیە وەرچەرخانی ئەم دەزگایە کە لەسەر عەقڵیەتی باوکسالاری شێوەی گرتووە بۆ خێزانێکی دیموکراتیانە پێویستە بۆ ئەمەش مەرجە پشت ئەستوور بە پەیوەندی ئازاد کە لە سەر بنەمای ئیرادەی هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو بێت تا ژیانێکی هاوبەش پێش بخرێت کە لە سەر بنچینەی ڕێزگرتن خۆشەویستی و یەکسانی بێت و پەرە بە ئاسایشی تاك و وشیاری دیموکراتی تەواوی ئەندامانی خێزان بدات،

5- لەپێناو ئازادی و دیموکراتیزەکردنی خێزاندا پێویستە هەڵسوکەوت، پەیوەندی غەریزی سۆزەکی و بێ هزر لەنێوان ژن و پیاودا تێبپەڕێنرێت و لەجێی ئەمەش بەجۆرێ زانابوونی ڕەگەزی پێش بکەوێت، بەجۆرێك ناسنامەو کەسایەتی ژن بریندار نەکات و سنوور بۆ باڵادەستی و تاکڕەوێتی پیاو دابنێت و بەگوێرەی ئەوەش چەمکی عەشق و خۆشەویستی و داد پەروەرانەی ڕاستەقینەی نێوان ژن و پیاو بێ یەکتر هەڵخەڵەتاندن، گەشەبسێنێت،

6- وەرچەخانی ڕیشەیی لەپێکهاتەی عەشیرەتگەری و گۆڕینی زهنیەت و داب و نەریتەکان هەروەها بێ توندوتیژی بەشێوەیەکی گونجاو، ناکۆکی و ململانێکانی نێوانیان چارەسەر بکرێت،

7- وەلاوەنانی چەمکی ناموس و هەڵوێستی ناموپەرستی کەرێگا لە سەر توند و تیژی مەعنەوی و جەستەیی سەر ژنان دەکاتەوە و کۆمەڵگا بەرەو فەوتان دەبات،

8- بۆ ڕێگرتن لە توند وتیژی هەرەشەی رۆحی و جەستەیی خۆکوژی و سایکۆلۆژیای خراپی ژن پێویستە تەدبیری پەروەردەیی حقوقی و ڕێکخستنی تایبەت بەژنان پێشبخرێت،

9- لابردنی بیروو بۆچوونی فاشستی، نەتەوە پەرستی و دەرەبەگایەتی لە بەرنامەکانی خوێندندا، سستەمی پەروەردە سەرلەنوێ بەپێی تێڕوانینێکی دیموکراتیانە و گەردونیەکان وپێداوستی کۆمەڵگای عێراق نەخشەڕێژبکرێت، لەورێگایەوە بنیات نانەوەی کەسایەتی لەهەموو ڕوویەکی هزی و دەرونی ویژدانیەوە بەبنەما بگیرێت،

10- کێشەی نەخوێندەواری لەناو کۆمەڵگادا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی چارەسەر بکرێت، بۆ ئەمەش خوێندەواری بکرێتە ناچاری،

11- لەکۆمەڵگای عێراق و باشووری کوردستاندا، بەهۆی کێشەی ئابووری و نائارامی ڕەوشی سیاسیەوە منداڵان تویژێکن کە هاوشانی ئەوەی لە شەڕەکاندا لەنێوچونە بەبەدەوام ڕووبەڕووی سیاسەتی سیسەم و پێودانگە باوەکانی کۆمەڵگابوونەتەوە لەلایەنی مەعنەویەوە بونەتە قوربانی و دووچاری گەلێك نەخۆشی ڕووحی و جەستەیی بوون، بۆ ئەمەش پێویستە گرنگی تایبەتی بە گەشەی سروشتی بدرێت، زیاتر کردنی خانەی نێوجەوانان و دابین کردنی شوێنی حەوانەوە و داکۆکی کردن لەمنداڵانی بێ سەرپەرشتان و فێرکردن و پەروەردەکردنیان لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کەلتوریدا،

12- کارکردنی منداڵان لەکارگە و شوێنە گشتیەکاندا، قەدەغەبکرێت و مافەکانیان لەلایەنی خوێندن و تەندروستی و ئابووری پەروەردەی کۆمەڵایەتی و کەلتووریەوە دەستەبەر بکرێت،

13- لاوان هاوشانی ژنان هێزی دینامیکی بنیادنانی کۆمەڵگای ئازاد و دیموکراتین بۆیە پێویستە لەهەموو کەلتوور و تێڕوانینێکی چەواشە ڕزگار بکرێن، لەسەر بنەمای پەرەوەردەیەکی دیموکراسیانەی هاوچەرخ توانست و باوەڕیەکان زیندوو بکرێتەوە لەجێی دۆخی ملکەچی یان یاخی بوون ئاڕاستەی تێکۆشانێکی زانستی دیموکراتیانە بکرێن بۆ ئەمەش بایەخی تایبەتیان پێبدرێت و هەموو پێداوستیەکانی ژیان و پێگەیاندن و پەروەردەکردنیان بۆ برەخسێنرێت،

14- بە ئەندازەی منداڵان مافەکانی بەساڵاچوانیش لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئابووریەوە مسۆگەر بکرێت،

ب - دیموکراتیزەکردنی دەزگای دەوڵەتی کلاسیك، کەخۆی لەسەروو ئیرادەی کۆمەڵگاوە دەبینێت بۆئەمەش:

1- دەوڵەت ببێتە ئامرازێك كەلەسەر بناغەی بەرژەوەندی و مافی مرۆڤ ئازادی ژن منداڵان بەساڵاچوان لاوان و تەواوی ناسنامەكانی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و باوەڕی و ئەتنیكیەكان ڕۆڵی ڕێك و پێككەری پەیوەندی و ئاسانكاری و چارەسەركردنی ئاڵۆزیەكانی كۆمەڵگا بگرێتە ئەستۆ،

2- هێمنی ئاسایش، پەروەردە، لەش ساغی، دبلۆماسی، بسپێردرێتە دەست و توێژەكانی كۆمەڵگا و دامودەزگای پێویست بۆ ئەم مەبەستانە دابمەزرێنرێت،

3- دەوڵەت بۆ چاودێری و پاراستنی دادوەری و ئازادی كۆمەڵگا وەك كارگێڕی كۆمەڵگا خۆی ڕێك بخات،

4- بنەبڕكردنی چەك و زیندان و تەواوی ئەو دام و دەزگایانەنی كە فشار و دڵەڕاوكێی نێو كۆمەڵگا دروست دەكەن،

*ج    سیاسەتی دیموكراتیانە:*

1- لەسەر بنەمای فرەپارتی و هەڵبژاردنی ئازادەوە و دوور لە توند و تیژی و چەمكی یەكێتی زۆرە ملێی ڕێ بەهەموو گروپ و ڕەگەز و فەرهەنگ و ئەتنیك بدرێت كە لەچوراچێوەی دەوڵەتی دیموكراتیانەدا جێگایان هەبێت،

2- لەسەر بنەمای باوەڕی و ویست و ئیرادەی ئازاد، هەلومەرجی بەشداربوونی ژنان لەسیاسەتدا برەخسێنرێت و دوایی بەپێگەی پلە دووی ژنان بهێنرێت،

3- دەبێت ژنان لە هەموو ئاستی دەسەڵاتدا بەلایەنی كەمەوە ڕێژەی یەك لەسەر سێ مافی نوێنەرایەتی كردنی ئیرادەیان هەبێت و بۆئەمەش پێویستە ژنان ببنەخاوەنی ناسنامەی ڕێكخستنی سیاسی و تایبەت بە خۆیان،

4- بە پەیرەوكردنی تیۆری گۆڕەپانی سێهەم پەرەبەرێكخستن و دام و دەزگای مەدەنی بدرێت هەموو چین و توێژێك بەپێی پێویستی بەرژەوەندی دیموكراتیەكانی كۆمەڵگا مافی خۆڕێكخستن كردن و مافی ئەنجام دانی چالاكی دیموكراتی هەبێت،

5- گرنگی دان بە دامەزراندنی دەزگای پاراستنی ژینگە و ئاوەدان كردنەوەی تەندرووستی، كەلتووری و هونەری و ئاواكردنی ڕێكخستنی تایبەتی لاوان، ژنان، كرێكاران و ڕەنجدەران و هتد،،،

*د- حقوق:*

1- گۆڕینی هەموو ئەو یاسایانەی كە بەپێی بەرژەوەندی باڵادەستی پیاو ڕێكخراوە،

2- دامەزراندن دەزگایەكی حقوقی نوێ كە بەپێی پێوانە گەردوونیەكان لەپێناو ئازادیەكانی مرۆڤ، ماف لەژێر دەستی دەوڵەتدا دەربخات و بەیەكەوە ژیانی ئازاد و ئاشتی كۆمەڵایەتی گەرەنتی بكات،

3- ئەم دەزگا حقوقیە بەلەبەرچاوگرتنی ڕەوشی مێژوویی كۆمەڵایەتی وسیاسی ژنان،لەبەرامبەر سستەمی باڵادەستی پیاودا،پارێزگاری لە پێشكەوتنی ئازادی ژنان بكات،

4- لەرێگەی یاسای تایبەتەوە تەواوی فشار و نادادیەكانی دژ بەژنان تیرۆركردن و سوكایەتی پێكردن، فرەژنی، گەورە بە بچوك، بەزۆر بەشوودان هتد، قەدەغە بكرێت،

*هـ- زانست و تەكنیك:*

1- لە سەر بنەمای پاراستنی بەها مێژوویی و فەرهەنگی و مەعنەویەكانی، گەلانی عێراق بەشێوەیەكی ڕاست بەكارهێنانی تەكنیك و زانست لەم بارەیەوە گرنگی دان بە پێشخستنی هۆشیاری كۆمەڵگا،

2-هاوئاهەنگی كردنی ئەو ئاستە تەكنیكی و جیهانە پێشكەوتنە لەگەڵ ڕاستینەی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئابووری عێراق و باشووری كوردستان بەمەرجێك ڕێگە لەبەردەم لەنێوبردنی ژینگە، گۆڕانی هەوا و نەخۆشیە ترسیناكەكان و نامۆبوون لەخۆدا بگرێت،

3-بەئامانجی پەرەپێدانی ڕۆشنگەری كۆمەڵگا پێویستە گرنگی بدرێت بە پێشخستنی زانست و تەكنیك و لەهەموو بوارەكانی ژیاندا بخرێنە خزمەتی سروشت و مرۆڤ،

4-لەدژی نەزانی، دۆگما، تابۆ، تاكرەوی، زهنیەتی نەتەوەپەرستی، عەشیرەتگەری، ئاینپەرستی، بنەماڵەیی، كە باڵی بەسەر كۆمەڵگای عێراق و باشووری كوردستاندا كێشاوە بەگوێرەی پرۆژەی تایبەتی خەباتی زانستی و لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتی پێش بخرێت،

5-زانست يەكێكە لە بنەما سەرەكيەكانى پێشكەوتنى كۆمەڵگا و ژن، بۆيە پێويستە ژنان لەسەر هەرچەشنەكەڵك وەرگرتنێكى زانستى كەلە سەر بنەماى شێوازى هونەرى بالادەستانە بەربەرەكانێ بكات،

و- ئابوورى

1- بونيادنانى سيستەمێكى ئابوورى نوێ،لەعێراقدا كەلە سەر بنەماى بەرژەوەندى تەواوى چين و توێژەكانى كۆمەڵگابێت و دابەش كردنى داد پەروەرانە بەبنچينە بگيرێت،

2- رێگا ئاوەڵا بكرێت بۆ جێگرتنى ژن لە سيستەمى بەرهەم دابەشكردندا،بۆئەمەش دەزگاى تايبەتى ئابوورى ژنان دابمەزرێت،تا بتوانن تێيدا بەرهەم پێش بخەن،

3- داكۆكى كردن لەو ژنانەى بێكەس و لێقەوماوان، ژن كەلە شەڕدا زيانيان لێكەوتووە و بۆئەمەش بودجە و دەزگاى تايبەتى ئابوورى و جێى كار و پيشەييان بۆ دابين بكرێت،

4- پێويستە ئەم سيستەمە ئابووريە يارمەتيدەر و ڕێخۆش كەربێت، بۆ پێشخستنى پرۆژە و ڕێگا چارە كۆمەلايەتى و فەرهەنگى و سياسيەكان و خۆش گوزەرانى مسۆگەربكات،

5- لەڕێگاى تەكنيكى پێشكەوتووە بەكاربردنى سامانى نەوتى و كشتوكاڵى بەرهەمەكان بێ جياوازى بخرێنە خزمەت گەلانى عێراق،

6- بۆ نەهێشتنى بێكارى و وەلاتانى پاشماوەكانى گەمارۆى ئابوورى لە سەر عێراق و گۆڕينى كەلتوورى مشەخۆرى، پێويستە كارگە و جێ نشين ئاوابكرێت و پێش بخرێت،

د- فەرهەنگ

1- نەهێشتنى ئەو فەرهەنگە دواكەوتووەى كۆمەڵگاى عێراق و باشوورى كوردستان كە بە درێژايى مێژوو لەسەر نكوڵى ڕەگەزى ژن و سڕينەوەى ناسنامەى نەتەوەيى دامەزراوە و لە هەڵسووكەوتدا پێك دێت لە چەمكەكانى دۆگماتيك، تاكپارتى، عەشيرەتگەرى، ئاينپەرستى، عەسكەرتاريەت هتد،

2- پاراستن و ناساندنى جۆرەكانى فەرهەنگى نەتەوەيى و ناسينى ڕەگەزى و دەرفەت و پێشكەوتنى ئازادانەيان بۆ برەخسێت بەمەرجێك بكەونە خزمەتى ديموكراسى و يەكێتى ئازادانەى گەلان،

3- بۆ بەدى هێنانى ڕۆشنگەرى و ڕێنسانسى كۆمەلايەتى و جێگير كردنى فەرهەنگى ديموكراسى، لەهەر تاك، خێزانێك، گروپ، دەستە و لايەنێكدا گرنگى پێبدرێت و پێشخستنى پەروەردەى تايبەتى بێت،

ح- هونەر

1- لە ڕێ هونەر و ئەدەبياتى ديموكراسى هاوچەرخەوە ناوەرۆك و ئەدەبياتى ژيانى نيولۆتيك ببوژێنرێتەوە و بە تەواوى ژنان و گەلانى عێراق بناسرێت،

2- دوور لە كاريگەرى و فشارى هێزى دەسەلاتدارى پێويستە هونەر و ئەدەبيات بكرێتە هێزى زيندوو كردنەوە و پێشخستنى زهنيەتێكى خوڵقێنەر و لە ئەنجامى بەستنى پەيوەندى لەگەڵ هونەر و ئەدەبياتى كۆنى مێژووى لە باشوورى كوردستان دا پەرە بە ڕۆشنگەرى كۆمەڵگا بدرێت،

3- بۆ ئەوەى ژنان لەقوڵكردنەوەى بۆشايى ڕۆحى و فكرى مرۆڤى عێراق و باشوورى كوردستان دوور بگيرێت، پێوستە بەكەسايەتى ئازاد و ناسنامەى تايبەتيانەوە بەشدارى پتەو لە هونەر بكرێت و كۆسپى بەردەم خوڵقاندنى هونەر لابرێت،

باوەڕى)ئايين)

1- هەركەس لەسەر بنەماى خۆشبينى لەبەرامبەر باوەڕى يەكتردا ڕێز نيشان بدات و، ئايين وەك ڕێگايەكى پێشخستنى ئاشتى بەكاربهێنرێت،

2- بەلاوەنانى ئەو چەمك و هەڵوێستانەى كە ئايين بەڕەنگێكى خراپ لەپێناو بەرژوەندى سياسى بەكاردەهێنێت و ڕێگا لەبەردەم بەشدارى ژنان دەگرێت لەهەموو بوارەكانى ژياندا،

3- بۆ پێشخستنی دیموکراتی و سەقامگیرکردنی عیلمانیەتێکی بەرفراوان، ئەنجامدانی ریفۆرمی دیموکراتی لە ئایین دا، گەشە بە لایەنە پۆزەتیڤەکانی بدرێت و بۆ پێك هێنانی پێداویستیە دیموکراتیەکانی کۆمەڵگا بێتە وەڵام،

ف- ئەخلاق)ئاکار):

1- سەرلە نوێ ئەخلاق لەسەر بنەمای زهنیەتێکی دیموکراتی و نوێخواز لەنێو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دا دادەرێژێت وهەوڵی بەرجەستە کردنی پێدەدرێت،

2- وەلاوەنانی ئەو چەمك و هەڵوێستانەی کە لە ژێر ناوی ئەخلاق ئیرادەی تاك زەوت دەکات و ئازادی ژنان سنوردار دەکات،

3- گەشەپێدانی پەیوەندی و هەڵویستی ئەخلاقی نوێ کە ئازادی، جوانی، خاوێنی و هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی پڕ بایەخ لەنێو کۆمەڵگادا پێش بخات،

4- پێویستە ئاکاری تاکڕەوی، گۆرانکاری ڕیشەیی بەسەردا بێت کە گەورەترین مەترسیە لەنێو کۆمەڵگادا و لەلایەنی پارت و دەستەلأتە سیاسیەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت و بەسە تاك و کۆمەڵگاشدا سەلمێنراوە، لەجێی ئەوەش پەرە بدرێت، بە ئەخلاقی تاکێك، کە بەپرسیارە، دڵسۆزی بەها کۆمەلأیەتی و ئازادیەکانی مرۆڤ بێت،

***بۆ گەیشتن بە بنەماکانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتی پێویست بە بەجێ هێنانی ئەم ئەرکە بەپەلە و هەنوکەییانە دەکات:***

1- تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان تاژاك بانگ لە تەواوی ژنانی کورد، عەرەب، تورکمان و ئاسوری کە لە قۆناغی ئامادەکاری سەرلەنوێ بنیادنانەوەی سیستەم و کۆمەڵگای عێراق خاوەنی رۆڵ مێژووییان بن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئایندەی عێراقەوە هەبێت،

2- هەریەك لەو گۆرانکاریانەی پێویستە ئەنجام بدرێت کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە دەکرێت لەچوارچێوەی دەستورێکی بنچینەیی و دیموکراسیدا گەرەنتی بکرێت،

3- تەواوی ژنان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئارامی لە دۆخی ئێستای عێراق و باشوری کوردستاندا تێبکۆشن و رۆڵی پێشەنگایەتی بگێرن،

4- ژنانی پسپۆر و شارەزا لەبورای کۆمەلأیەتی و حقوقیدا، چالاکانە لە ئامادەکاری دەستوری بنچینەیی نوێ بەشدار بن و داکۆکی بکەن لە مسۆگەر کردنی مافەکانی ژناندا،

5- تەواوی رێکخراوەکانی ژنان خۆیان دوورەپەرێز بگرن لە پەیرەو کردنی سیاسەتی حزبابەتی، پانخوازی و بەزووترین کات هەنگاوی کرداریانە بۆ دیالۆگ و یەکێتیەکی پتەو هەڵنێن،

6- لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا لەلایەنی پرشنگداری مێژووی ژن ڕۆڵێکی چارەنوسساز، لەسەقامگیرکردنی ئاشتی و دیموکراسیدا، بکرێتە رۆژەڤ و ئاستی وشیاری و وورییایان بەرزبکرێتەوە،

7- رێکخراوەکانی ژنان و تەواوی دەزگا کۆمەلأیەتیەکانی دیکەش پێویستە پەرە بدەن بەچالاکی دیموکراتی و فراوان کردنی رێکخستنی ژنان و لاوان و ئامادەیان بکەن بۆ هەڵبژاردنی بەرێوەبەرایەتی هەرێمی و ناوەند،

8- بۆ ئەوەی کۆتایی بە ناکۆکی نەژادی، ئاینی، نەتەوەیی، سیاسی نێوان گەلانی عێراق بهێنرێت، ئاشتی و ئازادی سەقامگیر بێت و لەسەر چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان گفتوگۆ بکرێت، پێویستە خەباتی هاوبەش لەنێون ژنانی کورد، عەرەب)شیعە و سونی) مزهەب، ئاشوری و بیرو باوەرپەکانی دیکە پێش بخرێت، لەم پێناوەشدا سازدانی کۆنفرانسی ژنانی عێراق و باشوری کوردستان لەماوەی سێ مانگی داهاتوو بکرێتە ئامانج،

9- کاربکرێت بۆ پێکەوەنانی دەستەیەکی کارگێڕی گشتی ژنان لەسەر ئاستی عێراق و باشوری کوردستان کە پێك هاتبێت لە ژنانی هەر نەتەوەیەك و چین، توێژەکان و کەسایەتی و گروپ و رێکخراوێك ئازادیخوازی تێدا بێت،

10- ئەم دەستەی کارگێڕیە دەکرێت کاربکات بۆ ئەوەی ژنان هانبدات تا بە ئیرادەی ئازادیان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن و رێکخستن و کەسایەتی ژنی وەها ئامادە بکرێت کە لە هەڵبژاردنەکاندا نوێنەرایەتی لە دەستەلأتی هەرێمی و فیدراڵی ناوەندا بکات،

11- به ئامانجی نەهێشتنی شوێنەوار و کاریگەریەکانی شەر لەسەر ژنان و منداڵان و کۆمەڵگا بە گشتی و کردنەوەی کۆمەڵە، ناوەند و دەزگای تایبەتی و دەست پێکردن بە هەڵمەتێکی پەروەردەی دەروونی و رۆحی،

12- دەستبەجێ سەرپەرشتی کردنی لێقەوماوانی شەڕ و دابین کردنی پێداویستی ئابوری و چارەسەری تەندروستی بۆیان،

13- بۆ هەڵسوڕانی کاروباری پەروەردە و رێکخستنی ژنان و لە هەر شارێکدا کۆمیتەی دەستپێشخەری ژنان ئاوا بکرێت،

14- بۆ زیاتر دەوڵەمەند و بەرفراوانکردنی ئەم گەلاڵەپێشنیاریە داواکارین کە سەرجەم ڕێکخراو و کەسایەتی و گروپی ژنان و لایەنە کۆمەڵایەتی و دیموکراتیخواز و مافپەروەران کە بیر و بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیاری خۆیان سەبارەت بەم ڕۆژەیە ڕابگەیەنن بۆ کارێکی هاوبەش هەنگاوی کرداری بنێن،

بەرێوەبەرایەتی تەڤگەری ژنانی ئازایخوازی کوردستان TAJK

باشوری کوردستان

2003 / 6 / 8